# سەفەری حەج کردنی ئەمساڵ و چەند تێبینێك

[ بە کوردی ]

رحلة الحج ...دروس ونصائح

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی: پشتیوان سابیر عەزیز
الكاتب:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**1429- 2008**

islamhouse.com

# سەفەری حەج کردنی ئەمساڵ و چەند تێبینێك

لەپاش سوپاس و ستایشی خودای گەورەکەدەفەرموێت :{ وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ } (البقرة: من الآية١٩٦) ، وەدرود و سڵاوی بێ پایان، بۆ سەرگیانی پیرۆزی پێغەمبەری زێدەخۆشەویست، کەدەفەرموێت : (( خذوا عني مناسككم ))، وە بۆ سەرگیانی هەموو هاوڕێ نازدارەکانی .

بەڕێزان: حەج کردن روکنێکەلەروکنەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و، خوای گەورەپاداشتێکی گەورەی بۆ داناوەئەویش بریتیەلەبەهەشت، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(( الحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة )) متفق عليه، واتە: حەجی پاك و پوخت پاداشتەکەی تەنها بەهەشتە.

هەروەها پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت :(( من حج هذا البيت فلم يرفث ولم يفسق رجع من ذنوبه كيوم ولدته أمه )) متفق عليه .

لەڕاستیدا بەدەستهێنانی بەهەشت ئاسان نیەو دەبێت هەوڵ و کۆششی زۆری بۆ بدرێت... وەبەنسبەت ئەو کەسانەی کەهاتبوون بۆ حەج دیارەئەوەفەزڵی خوای گەورەیەلەسەریان و، دەبێت شوکری خوای گەورەبکەن لەسەر ئەو نیعمەتە...چونکە ئەگەر بێت و بەرێك و پێکی حەجەکەیان کردبێت و، بەپێی سوننەتی پێغەمبەری خوا ئەنجامیان دابێت، ئەوەخوای گەورەبەسۆز و بەزەیی خۆی بەهەشتیان پێ ئەبەخشێت...

لەپاش ئەم پێشەکیەدێمەسەر ناوەرۆکی بابەتەکەم کەتایبەتەبەچەند تێبینێك لەسەر حەج کردنی ئەمساڵی حاجیانی کوردستان و، پاشان پێم خۆشەچەند ئامۆژگارێیك پێشکەش بکەم بەحاجیان و، لایەنی بەرپرسیار.

١- دەربارەی حەملەدارەکان: شێوەو هەڵس و کەوتی هەندێك لەم بەڕێزانە وا پیشان نادات کەوا هاتبێتن بۆ حەج بەڵکو بەپێچەوانەوەهەر خەریکی دونیاو شتی تر بن...

ئامۆژگاریم بۆ ئەم بەڕێزانەئەوەیەنیەتی خۆیان پاك بکەنەوەو لەخوا بترسن و لەخزمەتی حاجیاندا بن و، کار ئاسانیان بۆ بکەن...

وەئامۆژگاریم بۆ لایەنی بەرپرسیار ئەوەیەکەمرۆڤی لەخواترس و زانا و دانا و خاوەن تەجروبەو دڵسۆز دانین وەکو حەملەدار ...

٢- دەربارەی مورشیدەکان: دیارەوەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ هەر حەملدارێك مورشدێکیان داناوەبۆ ئەوەی رێنمویی حاجیان بکات ، بەڵام مورشیدی وا هەیەخۆی پێویسی بەرێنمویی هەیەو، پاشان بەگوێرەی پێویست لەخزمەتی حاجیاندا نیە...

ئامۆژگاریم بۆ ئەو بەڕێزانەئەوەیەدەبێت پێش هەموو کەسێك سەرمەشق بن لەجێ بەجێکردنی ئەحکامەکانی حەجدا، پاشان شارەزایی تەواویان هەبێت دەربارەی ئەحامەکانی حەجدا و، هەروەها لەخوا بترسن لەکاتی فەتوادانددا، چونکەحاجیان گوێ بیستی قسەی ئێوەن...

وەئامۆژگارییم بۆ لایەنی بەرپرسیار ئەوەیە: دەبێت کەسێکی لەخواترس و دڵسۆز بکەن بەمورشیدو، توانای فەتوا دانی هەبێت و جارێك هاتبێت بۆ حەج و، چەند خولێکی کرداریی بۆ بکرێتەوەپێش هاتنی بۆ حەج...

٣- دەربارەی حاجیان: بەڕاستی ئەو حاجیەبەڕێزانەی کەناویان دەردەچێت بۆحەج کردن زۆربەیان هیچ زانیارێکیان نیەدەربارەی چونیەتی حەج کردن... حاجی وا هەبوەدوو تەوافی کردوەپاشان چوتەوەئوتێلەکەی خۆی ، وای زانیوەبەو دوو تەوافەعومرەکەی جێ بەجێکردوە... یان حاجێکی تر تەوافی تەواو کردوەو، پێش ئەوەی سەعی ( سەفا و مروە) بکات سەری تاشیوەیان کورتی کردوەتەوە...وەنمونەی سەیرتر و زۆرتر هەیەدەربارەی هەڵەی حاجیان...

وەکۆمەڵێکی تری حاجیانمان هەر خەریکی چونەبازارن و، خۆیان بێ بەش دەکەن لەنوێژ کردن لە( مسجد الحرام ) ... وەچونەبازار حەرام نیە، بەڵام نابێت حاجی هەر خەریکی شت کڕین بێت، بەتایبەت لەکاتی نوێژەکان...

وەئەوەی جێی داخ بێت و وێنەیەکی زۆر ناشیرین پیشان بدات ئەوەیەزۆرێك لەحاجیانی ئێمە ـ خوا پەنا بدات ـ خەریکی جگرەکێشانن... بەڕاستی سەیرەئەو جۆرەحاجیانەبەحیسابی خۆیان هاتوون بۆ ئەوەی لەهەموو تاوانێك پاك ببنەوە، ئیتر نازانم چیان داوەلەجگەرەکێشان.

ئامۆژگارییم بۆ حاجیانی ماڵی خوای گەورەئەوە: دەبێت پێش ئەوەی تەشریف بهێنن بۆ ماڵی خوا نیەتی خۆیان یەکلابکەنەوەبۆ خوای گەورەو، پاشان دەربارەی ئەرکانەکانی حەج شارەزابن چ لەڕێگەی پرسیار کردن بێیت لەمامۆستایانی بەڕێز یان لەڕێگەی گوێ گرتن بێت لەکاسێتانەی کەتایبەتن بەباس کردنی حەج و عومرە...

وەئامۆژگارییم بۆ لایەنی بەرپرسیار ئەوەیە: ئامادەکردنی ناميلكەیەك و دوبلاژکردنی فیلمێکی کوردی دەربارەی چۆنیەتی حەج و عومرەکردن کەبەپێی

سونەتی پێغەمبەر بێت... پاشان وەکو دیاری بدرێت بەو حاجیانەی کەناویان دەرچوەبۆ سەفەری حەج.. بۆ ئەوەی زیاتر شارەزا بن ...

٤- دەربارەی فەتوا: زۆرم بەلاوەسەیرەکەوا هەندێك فەتوا دراوەلەکاتی حەجدا بەئاشکرا بەپێچەوانەی سونەتی پێغەمبەری خوایە ... لەو فەتوانەسەربرینی قوربانی و هەدی عومرەلەپێش نوێژی جەژن...هەروەها رۆشتن بۆ عەرەفەلەرۆژی هەشتەم و مانەوەلەوێ بەشەو ...

ئامۆژگارییم بۆ لیژنەی فەتوا ئەوەیەلەخوا بترسن و با فەتواکانتان بەپێی قورئان و سوننەتەوەبێت، ڕاستەلەکاتی حەجدا ( افعل ولا حرج ) هەیە، بەڵام خۆ نابێت فەتوایێك بدرێت بەقیل و قالی مەزهەب و واز بهێنرێت لەقورئان و سوننەت

٥- دەربارەی جێگای حەسانەوەی حاجیان لە( منی ) : کاتێك سەردانی حاجیانم کرد لە( مینا ) و چاوم بەجێگای حاجیان کەوت لەنێو چادرەکان ... کاتی ئینتیفازەم بەبیر هاتەوەچۆن ئەو خەڵکەبڵاو بوبونەوەلەسەر سنور هەر یەك بەلایەك ...!!

بەڵی بەڕێزان: جێگای حاجیان زۆر بچوك و تەسك بوو ، لەبەر ئەوەهەندێك لەحاجیان ناچار بوون لەسەر جادەو شەقامەکان بخەون..هەروەها تێکەڵاو بونی ژن و پیاو لەهەندێ خەیمە ... ئەمەش بۆ خۆی جۆرەناشرعێیك دروست دەکات...

وەئامۆژگاریم بۆ لایەنی بەرسیار ئەوەیە: دەبێت ئەو وەزعەچارەسەر بکرێت یان لەڕێگەی زیادکردنی چادرەکان یان کەم کردنی حاجیان...

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورەلەهەڵەو گوناهی هەموو لاێکمان خۆش بێت و، زیاتر شارەزامان بکات لەئاینەپیرۆزەکەی و، بەندایەتی و پەرستش و حەجی حاجیانی قەبوڵ بکات.

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه أجمعین